www.kurdistannet.org
17:03 26-11-2005 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## ئاوڕدانەوەیەک لە یاری زانە دێرینەکان... ئامادەکردنی: ئەنوەر خەراجیانی



یاری زان وهێرش بەرێکی ئەم کوردستانە کەوا کەم کەس هەیە تەماشای یاری نەکردبێت لە کاتی خۆیدایاری زانێك بەهەموو سیفەتێك یاری زان بووە لە بارەی گۆڵ کردن و ڕەوشتی بەرز و خۆنەفرۆش ئەویش یاری زانی شاری هەولێری خوشەویستە.

ئەنوەر * ناو و ناز ناوت چییە وکەی لە دایك بوویت،؟
وەڵام... نەریما ن محەمەد، ساڵی 1956 لە شاری هەولێر لە گەڕەکی تەیراوە لە دایك بووم، ناز ناوم نییە.

ئەنوەر * ساڵی چەند دەستت بە وەرزش کردووە؟
وەڵام... سەرەتای دەست پێکردنی یاریم دەگەڕێتەوە بۆ ساڵەکانی 1967 لە قوتابخانەی مەولەوی کەوا لە هەموو چالاکیەکانی قوتابخانە بەشداریم دەکرد، پاشان چوومەتە قوتابخانەی ناوەندی برایەتی (ڕخوە) ساڵی 1969 لە هەمان ساڵدا لە تیپی گەڕەکی تەیراوە (گەڕەکی عەرەب قلعە) یاریم دەکرد باشترین تیپی شاری هەولێر بوو زۆر ترین ڕاهێنەر لە شاری هەولێرلەم گەڕەکەدابوو وەك جەودەت خەلیل. نەجمەدین خەلیل هەمزە عەسمان. موحسین و مامۆستای خوالێخۆش بوو فارووق تۆفیق.
ساڵی 1970 بۆ 1971 لە تیپی قەڵات یاریم دەکردئەم تیپە وەکو قوتابخانەیەکی تۆپی پێی شاری هەولێر بووە زۆرترین یاری زانانی یانەو هەڵبژاردە لەم گەڕەکە پێگەیشتوون وەك سدیق گچکە. شێردڵ تەحسین موشیر قوڵاتی. نەجات قادر... هتد.

ئەنوەر * چی ساڵێك بوو بوویت بە یاری زانی یانەو هەڵبژاردەی هەولێر؟
وەڵام... ساڵی 1971 بە دوواوە بووم بە یاری زانی یانەی هێرش کەوا بەهێزترین یانەی ناو شاری هەولێر بوو، زۆربەی یاری زانانی قەڵا بۆ ئەم یانەیە یاریان دەکرد.
یەکەم یاری بۆ یانەی هێرش لە بەغداد بوو لەگەڵ یانەی تەحریرکە زۆر لە یاری زانانی باشی عێراق لەم یانەیەدا یاریان دەکرد وەك بەشار ڕەشید و کازم عەبود و قەیس حمید، یاریەکەمان دۆڕاند بە 3 گۆڵ بەرامبەر بە 2 گۆڵ وە هەردوو گۆڵەکە من کردم، من و موشیر قەڵاتی باشترین خەڵاتمان وەرگرت لە م یاریەدا لە لایەن مونعیم جابر و بەشار ڕەشید.
ساڵی 1974 بووم بە یاری زانی تیپی پۆلیسی هەولێر کەوا لەوسەردەمدا پلەی نایابی عێراق بووین لە هەمان کاتدا یاری زانی هەڵبژاردەش بووم، لەساڵی 1975 خولی یانەی پۆلیسی عێراق دەستی پێکرد کەوا من یەکەم گۆڵ کەری خولەکە بووم وە توانیم 7 گۆڵ تۆمار بکەم، لە ساڵی 1977و ساڵی 1979 ئەو دوو جارەش هەمان شت گۆڵ کەری خولەکان

دەر چووم سێ جاریش لە خولی كاسی سەرۆك كۆمار (بگولەالجمهوریە) گۆڵكەر دەر چووم.
لە ساڵی 1984 یانەی پۆلیسی هەولێر پلەی یەكەمی عێراق مان بەدەست هێنا من تاوەكو ئەو كاتە بەردەوام یاریم دەكرد هیچ كاتیش نە بووە ناوبژی وان كارتی سوورم بۆ بەرز بكاتەوە هیچ كات حەزم بەیاری غەش نەكردووە. ئەوەی بەبیرم هاتەوە ئەوە بوو ڕۆژێك كاك سەباح سەرسوور و چەند یاری زانێكی باشی هەڵبژاردە واتە یاری زانە دێرینەكان ئەیان ووت بەخودا دەبیت بە باشترین یاری زان زۆرم پێخوش بوو كەوا وەسفیان دەكردم. بەڵام بەداخەوە لەكاتی ئێمەدا نە یاریگا هەبوو نە خزمەت نە كەلووپەلی باش ڕۆژێكیش نەمان بیست ڕۆژنامەكان لەسەرمان بنووسن.
باشترین كار كە كراوە و لەبەر چاوە ئەوەیە یاریگای ئیدارە مەحەلی شەهید فرانسۆ حەریری توانی بیكات بە یاریگایەكی نیمچە نێودەوڵەتی وە زۆر یاریگا و شوێنی مەشق كردن درووست كراوە كەوا لە كاتی خۆیدا نە بوون، شەهید فڕانسۆ و كاك جەودەد نەجاروسەفین كانەبی وعەبدوڵا مەحمود و تارق عەبدولرحمان خزمەتی زۆریان گەیاندووە بە وەرزش بە تایبەتی شاری هەولێر و هەرێمی كوردستان ئیدارەی هەولێر.

ئەنوەر* باشترین ڕاهێنەر و یاری زان كێ بوو لەسەردەمی تۆدا؟
وەڵام... ڕاهێنەر محەمەد عوسمان كەوا زۆر جاریش لەسەر حسابی خۆی خەڵاتی پێداوین، لای من یاری زانی باش لە شاری هەولێر زۆر بوون ناكرێت باسی هەموویان بكەین بەڵام ئەم یاری زانە باشانە لەسەر ئاستی كوردستانیش دەناسران وەكو، موشیر قەڵاتی، نەجات و عەونی و شێرزاد و تارق عەبدول ڕەحمان لە شاری سولەیمانی حمە بچكۆل و ئازاد وەهاب و بورهانی دیفاع و فازیل و فاتح ی گۆڵچی

ئەنوەر * دوا ووتەت چییە بۆ یاری زانان؟
وەڵام... لە كاتی ئێمەدا زۆر گوێڕایەڵی ڕاهینەر بووین، برایەتیمان زۆر بەهێزبوو بە ڕۆحێكی برایانە دەچووینە ناو یاریگاوە تەماشاكەرێكی زۆر تایبەتمان هە بووە یاریمان لە كام شار هەبوایە دەهاتن بۆ تەماشاكردنی یاریەكەمان، من لێرەدا دەمەوێت ئەوە بڵێم كەوا ئێمە قەرزاری ئەو جەماوەرە بووین.

ئەنوەر * بە ناوی خۆم و سایتی كوردستان نێتەوە زۆر سوپاسی بەڕێزتان دەكەین بۆ ئەم چاوپێكەوتنی تەلەفونییە، دوای 27 ساڵ توانیم جارێكی تر قسە لەگەڵ یەكدا بكەینەوە چونكە زۆر یاریمان كردووە دژی یەكتری واتە هەڵبژاردەی هەولێر و سولەیمانی. هیوای تەمەن درێژی و لەش ساغیت بۆ دەخوازین

ئەنوەر خەراجیانی / پەیام نێری كوردستان نێت

ئەستێرە گەشەكەی شاری قەڵاو منارە ساڵانی 1974 بۆ 1985 نەریمان محەمەد یاری نێوان یانەی پۆلیسی هەولێر و هەڵبژاردەی هەولێر لای چەپ ژمارە 9 خوالێخۆش بوو شێرزاد لەگەڵ یاری زان و كاپتن نەریمان محەمەد لەدوای وازهێنانی لە وەرزش كەس نەبووە شوێنی پڕبكاتەوە تاوەكو ئێستا زۆرترین گۆڵی تۆماركردووە بۆ شاری هەولێر كەس نە بووە ئەو ژمارەیە تۆمار بكات





هەڵبژاردەی هەولێر ساڵی 1974 لای ڕاست لەسەرەوە ئەسعەد عەلی / خالس قۆجە/ خوالێخۆش بوو ڕەشاد سابیر / حەسیب نورەالدین / نەجات عەبدولواحید / شێرزاد خەلیل / ڕاهێنەر محەمەد خەلیل / دانشتوەکان لای ڕاستەوە/ غازی حسێن / شەهاب ئەحمەد / ئازاد عەبدولرحمان / نەریمان محەمەد / خوالێخۆش بوو ئیسماعیل کەمال


تیپی قەڵای هەولێر ساڵی 1972
1972 / ٨ / ١